# ڕاپۆرتی یەکەم دانیشتنی لیژنەی ئامادەکاری نوسەرانی کورد لە هۆڵەندە

ڕۆژی 2005/04/02 لە شاری ڕۆتردام لە دانیشتنێك و کەشێکی دۆستانەدا، بە ئامادەبوونی بەڕێزان:

1 – دکتۆر جەمیل شەرەف.

2 – هیوا سەرهەنگ.

3– محەمەد جەزا بەرزنجی.

4 – بەکر محەمەد ئەمین(خاڵە بەکر).

5 – سەردار فەتاح ئەمین.

دەستەیەکی ئامادەکار بۆ بنیات نان و دروست بوونی یەکێتیی نوسەرانی کورد لە هۆڵەندە پێك هات، سەرەتا ئەو بەڕێزانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، هەنگاوی دەست بەکاربوونی بۆ دەنرێت و هەوڵ دەدرێت، سەرەتا پەیوەندی بە نوسەرانی کوردی ناو هۆڵەندەوە بکرێت و پاشان بە سەرجەم نوسەرانی کوردی وولاتانی ترەوە پەیوەندی دەکرێت بۆئەوەی لە هەموو دنیادا دەستەیەکی بەڕێوەبەری چالاك بنیان بنرێت بۆ کۆکردنەوەی نوسەرانی کورد لە تاراوگە.

* سەرەتا هیوا سەرهەنگ باسی ئەوەی کرد لە مێژە بیری لەوە کردۆتەوە، هەوڵی ئەوە بدرێت یەکێتی‌یەکی نوسەران دروست بکرێت و لەگەڵ محەمەد جەزا بەرزنجی بیروڕایان گۆڕیوەتەوە و هاوڕابوون. ئەوەی پێشنیار کرد ئێستا بانگەوازێك گەڵاڵە بکرێت و لە بڵاوکراوە و ماڵپەرە کوردی‌یەکاندا بۆ ئەم مەبەستە بڵاو بکرێتەوە، پاشان کۆبونەوەیەکی گشتی نوسەران ساز بکرێت و پەیوەندی بە نوسەرانی تری وولاتانی ئەوروپا و دنیاوە بکرێت.

* محەمەد جەزا بەرزنجی ئەم سەرنجانەی دەربڕی:

منیش وەك کاك هیوا سەرهەنگ لە مێژە ئەم بیرۆکەیە لە مێشکمدا گێنگڵ دەدا و چەندین جاریش پێکەوە باسمان کردووە، وا ئەمڕۆ لە ماڵی بەڕێزیاندا قسە لەم مەبەستە دەکەین.

– ئایا ئێمە دەقاودەق وەك نوسەرانی ناوەوەی وولات بین، یان لێرەوە بە شێوەیەکی تر دەست پێ بکەین بە شێوازی ئەم وولاتانەی تێیدا دەژین.

– یەکێتیی نوسەرانی کورد لە کوردستان چی دەکات و لێرە، دەتوانێت چی بکات...؟

– نوسەران کێن...؟ کێن دەتوانن بین بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوەی ئێمە بە نیازی دامەزراندین...؟ ئەو نوسەرانەی کتێب و نامیلکە و نووسین و ووتاری چاپکراویان هەیە، یان لە کۆڕو سمینارردا بەشدایان کردووە...؟

– بەرنامە و پرۆگرامی نوسەران لە کوردستان چۆنە ئێمە وا بین، یان تەنها سوودمەند بین لێی، سوود لە ئەزموونی نوسەرانی پێشتر وەربگرین، من بۆ ئەم مەبەستە هەندێك پێناسە و بچینەی گشتیم بۆئەم پرۆژەیە گەڵاڵە کردووە کردووە ئەگەر هەموو لایەك پێیان باش بێت دەیکەین لە دەستپێکیك و وەك بەرنامە و پلان پشتی پێ دەبەستین لە ئیشکردنماندا و لێرەدا، هەندێك لەو خاڵانە دووبارە دەکەینەوە.

ئەو کەسەی دەبێت بە ئەندام دەبێت یان کتێبێکی چاپکراو یان ووتارو و نوسینی بڵاوکراوە، یان کۆڕ و سمینار، بابەتی وەرگێڕانی هەبێت.
توانای پێکەوە کارکردن گرنگە و سیستەمی ئێرە گرنگە لە پێشچاو بگیرێت و گرنگی بە تەرجەمەکردنی دەقی زیندووی جیهانی بدرێت.
لێرەدا کاک جەزا خاڵێکی ووروژاندا ئایا ئەوە نوسەرانەی لەگەڵ ڕژێمدا بوون، یان لە خزمەتی ڕژێمدا نووسیویانە، دەتوانن ببنە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە...؟

* دکتۆر جەمیل شەرف:
من لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێوەدام، پێشەکی دەبێت پێناسەی نوسەر بکرێت و بزانین کێ دەبێت بە ئەندام..؟ لە ئەوروپا یەکێتی نوسەرانی بێگانەکان هەن دەبێت لە شێوە و کارکردنی ئەوان بەهرەمەند بین، دەبێت ئەوە لە پێشچاو بگیرێت بۆچوونی جیاواز و ڕێبازی سیاسی نابێت ڕێگە لە ئەندام بوون بگرێت.
دەربارەی ئەوانەی لەگەڵ ڕژێمدا بوون و بە شان و باڵی ڕژێمدا هەڵیانداوە، باوەڕناکەم خۆیان ڕوویان بێت لەبەر شەرمەزاریان داوای بوونە ئەندام بکەن لەم یەکێتییەدا، ئەگەر ویستیشیان نابێ ڕێگەیان لێ بگیرێت.
سەبارەت بە خۆم ناتوانم بەو نوسینانەی بڵاوم کردۆتەوە بڵێم ئیتر بووم بەنوسەر ئەوانە جگە لە چەند یاداشتنامەیەك و نوسێنێکی سیاسی هیچی تر نین...! دانراوم نییە تەنها چەند لە چەند کۆڕوسمینارێکدا بەشداریم کردووە بە کوردی و هۆڵەندی، ئایا دەکرێت ڕۆژنامەنووسانیش لەم ڕێکخراوەدا قبوڵ بکرێن.
– هیوا سەرهەنگ پێشنیار دەکەم ئەم یەکێتییە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە بێت.
– بەکر محەمەد ئەمین، منیش بۆچوونەکانی ئێوەم قبوڵە ئایا هۆی نەبوونی ئیقامە دەبێتە ڕێگر لەبەر ئەندامێتی نوسەردا...؟
– محەمەد جەزا بەرزنجی... کێن ئەوانەی دەبن بە نوسەر لە پێناسێکی دیاریکراودا دەستنیشان بکرێت..؟!!! سودمەند بین لە نوسەرانی خاوەن ئەزموون و شارەزایان

* سەردار فەتاح ئەمین:
– سەرەتا با ئەم یەکێتیی یە لە هۆڵەندەوە دەست بەکار بێت و پاشان پەل بۆ وولاتەکانی تر بهاوین، وەك برادەرانی تر پێشنیاریان کرد ناوی (یەکێتیی نوسەرانی کورد بێت لە هۆڵەندە).
– دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین ئێمە یەکەمین دەستە نین کە ئەم بیرۆکەی نوسەرانمان بە خەیاڵدا هاتووە لە تاراوگە، چەندین گروپ و تاقمی تر پێش ئێمە ئەم هەنگاوەیان ناوە پێش ئێمە یەکێتی نوسەرانی کورد بە سوید هەبوون و چەندین ژمارەیان لە گۆڤاری (وان) دەرکردووە، ئێستاش بە بەردەوامی سایدی نوسەری کورد نوسین پەخش دەکات.

– ئەم پێنج کەسەی ئەمڕۆ کۆبوونەتەوە، بە ناوی لیژنەی ئامادەکارەوە هەوڵ بدەین و کار بۆئەوە بکەین تا پەیوەندی بە زۆربەی نوسەرانی کوردەوە بکەین لە هۆڵەندە و پاشان کارئاسانی بۆ دامەزراندنی لیژنەیەکی شارەزا و کاراو هەڵسوڕاو بکەین.

– بەیان یان بانگەوازێکی خۆڕاگەیاندن لە ساید و بڵاوکراوە کوردی‌یەکاندا پەخش کرێت.

– ئیمێل ئەدرێس و ئەگەر گونجا سایدێکی تایبەتی بە ناوی نوسەرانەوە بکرێتەوە.

– پەیوەندی بە دامودەزگامانی سەر بە نوسەران و باڵیۆزخانەی عێراقی و ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسان و نوسەرانی بێگانە لە هۆڵەندە (ئۆنفایل) on-file ەوە بکرێت بۆ بیروڕاگۆڕینەوە و کۆمەك وەرگرتن و ڕێنمایی کردن.

– ئێمە لێرە لە هۆڵەندە دەژین نابێت کۆپی‌یەکی نوسەرانی ناوەوە بین و ئێمە دەزگایەکی لێپرسینەوەی نوسەران دانامەزرێنین، کێ خاوەن دەقی جوان و داهێنانە و پێشنیار دەکات ببێت بە ئەندام دەبێت باوەشی بۆ بکرێتەوە، با ئێمە لە ئێستەوە کێشە و ململانێ بۆ خۆمان ساز نەکەین باشترە، هەموو لە پێناو خزمەتکردنی ووشەی جوان و ڕەسەنی کوردی و داهێناندا، دەست بەکار بین.

پاش ووتووێژ و گفتوگیەکی چڕ و پڕ، ئەم پرۆژەیەی کاك محمەد جەزا نوسیوێتی پێشنیار کرا، بە خاڵی سەرەتای دەست پێکردن و سەردار فەتاح ئەمین ئامادەیی خۆی نیشاندا، ئەرکی نوسینەوەی ئەم ڕاپۆرتە و کردنەوەی ئیمێڵ ئەدرێسێکی تایبەت بە نوسەرانی کورد و نوسینی بانگەوازەکە و بڵاوکردنەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی پاش بینین و ڕەزامەندنی هەر پێنج ئەندامی لیژنەی ئامادەکار.

دەقی پرۆژەکە:

نوسینی محمەد جەزا بەرزنجی

دەروازەی یەکەم

## پێناسەی و بنچینە گشتی‌یەکان

**بەندی یەکەم– یەکێتیی نوسەرانی کورد لە هۆڵەندە**

**پیشە/ نوسین و وەرگێڕان لە بوارەکانی شیعر، چیرۆك، شانۆگەری، ڕەخنە، توێژینەوە ... ئەمانە و هەموو بەرهەم (دەقێك)ی تری بیروهۆش لە بواری ڕوناکبیری و ئەدەبی‌دا.**

**کۆنفرانس/ کۆنفرانسی گشتی یەکێتی نوسەرانی کورد لە هۆڵەندە.**

**کۆمیتەی کارگێڕی/ ئەندامەکانی دەستەی بەڕێوە بردن.**

**نوسەر/ هەر کەسێك بەرهەمی نوسینی هەبێت و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوەکراوەکاندا بڵاوی کردبنەوە... یان کۆڕوەکۆبونەوەی بۆ بەرهەمەکانی ساز دابێت، یاخود بە لانی کەمەوە نامیلکە یان کتێبی چاپکراوی هەبوو بێت و بڵاوکردبێتەوە.**

بەندی دووەم/ یەکێتی نوسەرانی کورد لە هۆڵەندە دامەزراوە و بارەگای سەرەکی لە شاری ڕۆتردام دەبێت و کەسایەتی‌یەکی سەربەخۆی هەیە و بۆی هەیە بە پێی پێویست، لە شارەکانی تری هۆڵەندە نوسینگەی بکاتەوە.

بەندی سێهەم/ لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا کار دەکات (تێدەکۆشێت):

A–دۆزینەوەی بەهرەی نوێی ئەدەبی و پشتگیری کردنیان.

B– هاندن و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی و بەرزکردنەوەە ئاستی ئەدەبی بۆئاستی ئەدەبی پێشکەوتووی جیهانی.

C– بڕوا بوون بە ووشەی ئازاد و ئازادی بیروبۆچوون.

D– کەش و هەوای ڕوناکبیری بسازێنێ تا بە توانا و بەهرەکارەکان، سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنن.

E– هاریکاری و نزیك بوونەوە لە ڕێکخراو و نوسەرە هۆڵەندی‌یەکان و سازدانی کۆڕ و کۆبونەوەی هاوبەش بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئاشنا بوونی نوسەرانی کورد و هۆڵەندی لە یەکتر.

F– پارێزگاری لە نوسەران و هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و هاریکاریان لە پێناوی پارستنی بەرهەم و مسۆگەربوونی مافەکانیان لە چوارچێوەی وولاتی هۆڵەندە دا.

G– هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئاسانکاری‌یەکانی چاپ و بلاّوکردنەوە.

H– سازدانی چالاکی ئەدەبی و ڕوناکبیری کۆڕو سمینار و ڤیستیڤاڵی گەورەی سالاّنە، لە ناو هۆڵەندە و دەرەوە.

I– هاریکاری و پەیوەندی بەستن لەگەڵ یەکێتیی نوسەران و ڕێکخراوە ڕووناکبیری‌یەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

دەروازەی دووەم:

ئەندامێتی

بەندی چوارەم/ مەرجەکانی بوون بە ئەندام:

1 – پێویستە نیشتەجێی ولاّتی هۆلاّتی هۆڵەندە یان وولاّتانی بەنەلۆکس بێت.

2– بڕوای بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە هەبێت.

3- خۆفرۆش نەبووبێت و بەشداری هیچ جۆرە تاوانێکی تیرۆر و دژ بە مرۆڤایەتی و میللەتی کورد نەکردبێت.

4 – پابەندی یاساکانی پەخش و چاپی هۆڵەندە بێت.

5 – فۆڕمی بوون بە ئەندام پڕ بکاتەوە و تازەترین وێنەی خۆی بخاتە سەر و ئیمزای بکات.

6 – پێناسەی نووسەر بوون بیگرێتەوە، کە لە بەندی یەکەمدا هاتووە و چاوەڕوانی ڕەزامەندی کۆمیتەی کارگێڕی بکات.

دەروازەی سێهەم

کۆنفرانسی گشتی:

بەندی پێنجەم:

A- ئەم کۆنفرانسە هەموو ئەو ئەندامانە بەشداری تێدا دەکەن کە پێناسەی ڕێکخراوەکەیان هەیە و دەربەست بوونی خۆی خۆیان بەڤانبەر ڕێکخراوەکە جێبەجێ کردووە.

B- کۆنفرانسی گشتی دەستەڵاتی گۆڕنکار لە سنوری یاساکانی هۆڵەندی پەیڕەوکراودا هەیە و لایەنە بەر پرسیارەکانی لێئاگاردەکرێتەوە.

C- هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی.

D- پەسەندکردنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە.

E- ساڵی جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات و هەڵبژاردنی دەستەی کارگێۆی تیا ساز دەدرێت.

F- لەسەر داوای 3٪4 ی ئەندامان کۆنفرانسی گشتی نائاسایی سازدەدرێت.

بەندی شەشەم: کۆمیتەی کارگێڕی

A- جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی گشتی.

B -پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان بۆ کۆنفرانسی گشتی.

C-کردنەوەی بنکەی نوسەران لە شارەکانی تر بەپێی پێویست و اەسەر داوای ئەندامانی شار یان ناوچەکە.

D- پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ جێبەجێکردن و هەڵسوڕانی چالاکیەکان، لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە.

E- سەیرکردن و بڕیاردان لەسەر بە ئەندام بوون.

F- لێ پرسینەوە لە ئەندامان.

G- به دەنگەوەچوون و یارمەتی و هاریکاری ئەندامان لە ئاسکردنی چالاکی‌یە ئەدەبی و ڕوناکبیری‌یەکاندا..

H- نوێنەرایەتی کردنی ڕێکخراوەکە لە هەموو جۆرە پەیوەندیەکی دەرەوەی ڕێکخراوەکەدا.

I- دەستەی کارگێڕە... کاروچالاکی‌یەکانی ڕێکخراوەکە دەڕوات بەڕێوە، تا کاتی کۆنفرانسی گشتی، کە نابێت لە ساڵ زیاتر بێت.

دەروازەی سێهەم

دارایی:

بەندی حەوتەم/ دارایی ڕێخراوەکە بریتی دەبێت لە:

1- یارمەتی دارایی دەزگا و دامەزراوە ڕەسمی‌یەکان.

2- بەشداری ئابونەی ئەندامان.

3- دەست کەوتی چالاکی و هەر جۆرە یارمەتی‌یەکی تر.